www.kurdistannet.org
28-4-2006 11:33بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ و پێشێلکاریەکانی ئێران ... سەلاح عەبدوڵلاپوور

2006 .04 .27
ئۆسلۆ



لە دوای تێپەربوونی سێ سال لە شەری دوهەمی جیهانی و روخانی فاشیسم، لە رێکەوتی 10ی دسامبری 1948، بەشی کاروباری ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی نەتەوەیەکگرتووەکان، دوای دو سال کاری زانستی و پسپۆری و راوێژکردن لەگەڵ رێخراوە ناحکومیەکان"بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ"یان لە سەدو هەشتاوسێهەمین کۆبوونەوەی نەتەوەیەکگرتووکان، بە پەسەند گەیاند. ئەوسەنەدە- هەروەک هەموو ئەو یاسایانەی کە پێشتر لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا پەسەند کراون- لەسەرەتادا، هیچ گەرەنتیەکیی لەبواری بەجێ گەیاندن نەبوو، بەڵکوو تەنیا بەخواستێکی ئەخلاقی دەژمێردرا، بەڵام وردە وردە بە هۆی ئەوەی کە لە لایەن هەندێک لە حکومەتەکان، وڵاتەکان و رێخراوە ناحکومیەکان، هەروەها کەڵک وەرگرتنی دادگا نێودەوڵەتیەکان بۆ بنەمای حوکمەکان و پشتیوانی رێخراوە ناحکومیەکان بۆ دیفاع لە مافی مرۆڤ، پێبنایە قۆناغی یاسای نێونەتەوەیی. هەر ئێستا جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ، لە ریزی یاساکانی مافە نێونەتەوەیەکاندا جێی گرتووە. ئەو بەیاننامەیە لە دو بەش پێکهاتووە:1- پێشەکی2- رەشنووسی بەندەکانی جارنامەی مافی مرۆڤ. بەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ، لە ژێر کاریگەری و هەلومەرجی دوای شەری دوەمی جیهانی، نووسراوەتەوە و لە پێشەکیەکەیدا لەگەڵ سەرنجدان بە مەنشووری نەتەوەیەکگرتووەکان، پێیداگرتووە لە سەر"مافی بەرابەری بنەماڵە گەورەکەی مرۆڤ و هەوڵدان بۆ سەقامگیر کردنی ئازادی، دادپەروەری و سولحی جیهانی". هەروەها سەبارەت بە نابەرابەری و پێشێلکردنی یاساکان لە جیهاندا هاتووە کە:" لە راستیدا دەبێ مافی مرۆڤ بە دارشتنی یاسا پشتگیری بکرێ تاکوو مرۆڤ ناچار نەبێ کە وەک ئاخر رێگا بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ زوڵمو زۆری پەنابەرێتە بەر شەرو شۆر". لە بۆچوونی دارێژەرانی ئەو جارنامەیە، هەموو کەسێک لە رەگەزی مرۆڤ خاوەنی مافی بەرانبەرن و بەو بیروەوە جیهان لە خۆدەگرێ کە لە کۆتایی پێشەکیەکەدا پێی لەسەر دادەگرێ:"جارنامەی گەردونی مافی مرۆڤ لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە وەک ئارمانێکی هاوبەش بۆ گشت مرۆڤ و گشت وڵاتەکان رادەگەیەنێ، تا هەموو بەشەکانی کۆمەڵگا ئەو جارنامەیان هەمووکات لەبەرچاو بێ و هەوڵبدەن لە رێگای پەروەردە وفێرکردن، رێزی ئەو یاسا و مافانە رو لە زیادبوون بکا". ئەو سەنەدە لە 30 بەند پێک هاتووە.

بەندی 1 تا 21 پێدادەگرێ لە سەر مافی کەسایەتی لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەو یاسایە کە بە یەکەمین مافەکانی مرۆڤ دەناسرێ و بناغەی پرۆژەی یاسای، ئازادی تاکەکەسی، رەتکردنەوەی ئەشکەنجە، مافی ژیان و پێکهێنانی حکومەت باس دەکا.

بەندەکانی 22 تا 29، دەربری حقوقی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی سەر بە نەسلی دوەمی مافی مرۆڤن. پرۆژەی ئەو هەشت بەندە کە لەبواری هەلومەرجی کار، پشوودان، گوزەران، ژیانی باشتر و هەروەها دەربرینی هەستی بەرپرسایەتی تاک لەبەرانبەر کۆمەڵگادا و پێچەوانەکەی، نیشاندەری یاسای هاووڵاتی وئەرک و بەرپرسایەتیەکانی تاک لەبەانبەر کۆمەڵگادا لە جارنامەی گەردونیی مافی مرۆڤدا هاتووە.

لە بەندی 30ی راگەیاندنەکە، رێگا دەبەستێ بۆ هەرچەشنە سوئیستیفادە و لێدوانی بە پێچەوانەی ئەوە کە لە بەیاننامەکەدا هاتووە، تا زیان بە نێوەرۆکی ئەو ماف و یاسایانە کە لە جارنامەیکەدا

هاتووە نەگێنێ. "جارنامەی گەردوننی مافی مرۆڤ" لە رێکەوتی 10ی دسامبری 1948 لە دانیشتنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بە پەسەند گێشتووە و تەواوی وڵاتانی ئەندام لە نەتەوەیەکگرتووەکان پەسەندیان کردوە و پابەندن بە جێبەجێ کردنی، ئەو بەڵگەیە یەکێکە لە بەبایەخترین بەڵگەی نێونەتەوەیی. جێگای ئامارەیە کەپێشوو لە نەتەوەیەکگرتووەکان کومیسیۆنێک هەبوو بۆ چاوەدێری وڵاتان و هەروەها بۆ کاروباری پەیوەندیدار بەو بەیاننامەیە، بەڵام لە15ی مارسی 2006 کۆبوونەوەی گشتی نەتەوەیەکگریووەکان سەرئەنجام دوای وتووێژێکی دورو درێژ، "قاتعانە" بە قەتعنامەیەکی دەنگدا، کە بەو پێیە لە چوارچێوەی ئەو چاکسازیانەی ئۆرگانەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان، شورای مافی مرۆڤ جێگای کومیسیۆنی مافی مرۆڤ دەگرێتەوە. ئەو گۆرانکاریەش بە پێشنیاری کوفی عەنان سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە لە ڕاپۆرتێکدا لە ساڵی رابردو بۆ گۆرینی ساختاری نەتەوەیەکگرتووەکان پێشکێشی کردبوو، ئەنجامدرا. ئەو قەتعنامەیە بە پەسەندی 170 ئەندام گێشت. لەنێوان ئەندامەکاندا چوار وڵاتی ئیسرائیل، ئامریکا، دورگەکانی مارشاڵ و پالائو دەنگی مەنفیان دا. ئێران، بلاروس و وێنزۆئێلا دەنگی مومتەنیعیان بەو قەتعنامەیە دا. هەروەها 5 وڵاتیش لە کاتی دەنگداندا لە کۆبوونەوەکە نەبوون. شورای تازە بە 47 ئەندام، بەرپرسایەتی گەشەپێدان و رێزگرتنی جیهانی بە مافی مرۆڤ و ئازادیە بونیادیەکان، بە بێ هیچ چاوپۆشی و کەمو کۆریەک، بەوپەری عەداڵەتەوە وەئەستۆ دەگرێ. جێگای ئامارەیە کە هەموو ئەندامانی نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانن ببن بە ئەندام لەو شورایە. هەروەها کۆبوونەوەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان دەتوانێ بە دەنگی دو لەسەر سێی ئەندامانی حازر ئەندامەتی وڵاتێک کە توشی پێشێل کردنی ئاشکرا و بەرنامە بۆ دارێژراوی مافی مرۆڤ دەبن، هەڵپەسێرێ. ئەگەر ئێمە باسی مافی مرۆڤ لە کۆماری ئیسلامیدا بکەین، دەبێ لەپێشدا چاوێک بە کارنامەی ئەو رژیمەدا بخشێنین، کە بە هۆی ئەوهەمووە پێشێلکاریانەی کە لەلایەن کۆماری ئیسلامیەوە رووەدا، کارنامەیەکی رەشی بۆ ئەو وڵاتە لەبوارە جوراوجۆرەکانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ دروستکردوە. کۆماری ئیسلامی بە پێی، بەندی 1 تا 21 کە پێدادەگرێ لە سەر مافی کەسایەتی لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکا و ئەو یاسایە کە بە یەکەمین مافەکانی مرۆڤ دەناسرێ و بناغەی پرۆژەی یاسای، ئازادی تاکەکەسی، رەتکردنەوەی ئەشکەنجە، مافی ژیان و پێکهێنانی حکومەت باس دەکا، بە تەواوی پێشێلکاری ئەو بەیاننامەیە. بەهۆی ئەوەوە کە لە کۆماری ئیسلامیدا نە ئازادی سیاسی و نە ئازادی کۆمەڵایەتی بەدی ناکرێ و بە توندترین شێوە بەرخورد لە گەڵ ئەوکەسانە دەکرێ کە، بە هەر شکلێک ناکۆکیان هەیە لەگەل ئەم سیستیمە سیاسیەوە و هەوڵ بۆ گۆرینی دەدەن، یا بە شێوەیەک لە شێوەکان گلەیی و گازندەی لێدەکەن. کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرتای دامەزرانیەوە هەوڵی ئەوەیدا کە ئازادیە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان بەرتەسک بکاتەوە و لەژێر ناو وشەریعەتی ئیسلامیشدا پێش بە ئازادی تاکە کەسیەکان بگرێ. ئەو رژیمە بۆ چاوترسێن کردنی خەڵک هەر لەسەرتای دامەزراندیەوە دەستیدایە ئێعدام و ئەشکەنجەی زیندانیانی سیاسی کە مخالیفی ئەو رژیمە بوون. هەر وەها تەواوی ئازادیەکانی تاکێکی کۆمەڵی زەوتکردو کۆمەڵگای وادار کرد کە بەپێی دەستوراتی رژیمەوە لەبواری ژیانی خسوسی هەڵسوکەوت بکەن. هەروەها بە توندترین شێوە بەرخورد کراوە لە گەڵ ئەوکەسانەی کە داوای سەرەتایترین مافەکانی خۆیان کردوە. زیندانو ئەشکەنجەو ئیعدام لە لای کۆماری ئیسلامی وەکوو شتێکی ئاسایەو سالانە بە سەدان کەس بەهۆی دەربرینی بیرو باوەری سیاسی و داخوازی مافە تاکە کەسیەکان خراونەتە زیندان و ئەشکەنجە کراون و تێعدادێکی بەرچاویش ئێعدام کراون. کۆماری ئیسلامی گەرچی بەیانییەی مافی مرۆڤی ئیمزا کردوە، بە ڵام ئەو جینایەتانەی لەبەرچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کردوە و بە شێوەیەکی زەق هەموو ئەو بەندانەی پێشلکردوە کە قەبوڵی کردووە پابەندبێ پێیان. لە کارنامەی رەشی کۆماری ئیسلامیدا ژمارێکی زۆر لەو لاوانێ دەبینرێن کە تەمەنیان لەخوارەوەی 18 سالەو بە دەستی ئەو ڕژیمەوە ئێعدام کراون، ئەوە جیا لە

سەنگسار کردنی ژن و پیاوان لە بەر چاوی خەڵک، گرتنی رۆژنامەنووسان، فەعالانی ڕێخراوە ناحکومیەکان، کەسایەتیە ئائینیەکان وفعالانی سیاسی و قەتلە زنجیرەییەکان، هەروەها پێکهێنانی تیمی تایبەت بۆ تیرۆری مخالیفان لە ناوخۆو لە دەرەوەی وڵات. ئگەر بێینە سەر کەمایەتیە نەتەوەیی وئاینیەکان ئەوە کۆماری ئیسلامی بە مەراتب کارنامەیەکی رەشتری لەسەر پێشێلکردنی مافەکانیان هەیە. کۆماری ئیسلامی جیا لە زەوت کردنی بیرو باوەری سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئازادیە تاکە کەسیەکان، بە بەردەوامی هەوڵی ئەوەیداوە کە کەمایەتی ئاینی و نەتەوەیەکان بخاتە ژێر ئازارو ئەزیەت و مافەکانیان پێشێل بکا. کۆماری ئیسلامی بە هەر شێوەیەکی مومکین کە بۆی کرابێ دژایەتی لەگەڵ سەرەتایترین مافەکانیان کردوە و بە توندو تیژی وڵامی داخوازیەکانی داونەتەوە. کە راپەرینە سەرتاسەریەکانی ساڵی رابردوی خەڵکی کوردستان و ئەهواز نمونەی بەرچاوی ئەو سەرکووت کردنانەن، کە دەرحەق کەمایەتی نەتەوەکانی ئێران دەکرێ. کۆماری ئیسلامی چەندین کەسی شەهید کردو بە دەیان کەسی بریندار و بەسەدان کەسی رەوانەی زیندانەکان کرد تەنیا لەبەر نارەزای دەربرین سەبارەت بە هەڵسووکەوتی ڕژیم دەرحەق بەو نەتەوانە و داخوازی مافەکانیان. بەڵام ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە کە تاکوو ئێستا کومیسیۆنی مافی مرۆڤ چ هەنگاوێکی پۆزێتیڤی هەڵێناوە بۆ جێبەجێ کردنی ئەو بەیاننامەیە. ئایا تەنیا بە نوسینی راپۆرتێک لەساڵدا، لەسەر وەزعی مافی مرۆڤ و پێشێلکاریەکانی دەردێک دەرمان دەکا ودەتوانێ حکومەتەکان بەربەست بکا لەم پێشێلکاریانە، یا تەنیا کومیسیۆنەکە حالەتێکی سەمبولیکی هەبووە. کە بەلای زۆربەی هەرە زۆری خەڵک حالەتی دووەمی هەبووە. بەڵام بە گۆرینی کومیسیۆن بە شورا چ گۆرانکاریەک لە سیستمی کاری ڕێخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکان دەکا و تا چ ئەندازەیەک بە توندی بەرخورد دەکرێ لە گەڵ وڵاتانی خەتا کار ئەوە دەبێ چاوەروان بین تاکوو لە داهاتوودا شێوەی کاری ئەم شورایەش بۆ کۆمەڵگای بەشەری دەرکەوێ. بەو هیوایە کە ئەم شورایەش تەنیا کاری کومیسیۆن بەو شێوەیەی کە هەبوو درێژە پێنەداو چاوپۆشی نەکا لەو هەموو پێشلکاریەی کە لەلایەن هەندێک وڵات دەرهەق بە بەشەریەت دەکرێ.

نووسینی: سەلاح عەبدوڵلاپوور
2006 .04 .27
ئۆسلۆ
Salah_abdollahpour@yahoo. com